السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# خێرترین خەڵکی ئەو کەسەیە تەمەنی درێژ بێت وکردەوەکانی چاک بێت

له‌ عبداللەی کوڕی بوسرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خێرترین خەڵکی ئەو کەسەیە تەمەنی درێژ بێت وکردەوەکانی چاک بێت».
[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: مرۆڤە هەرچەندە تەمەنی زیاتر بێت ئەوا زیاتر لە خوای گەورە نزیک دەبێتەوە ئەگەر لەسەر ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان بەردەوام بێت وخۆی لە خراپە وتاوانەکان بە دوور بگرێت؛ هەتاوەکو تەمەنی زیاتر بێت پەرستنی زیاتر ئەنجامدەدات وئەمیش زیاتر لە خودا نزیکی دەکاتەوە بۆیە خێرترینی خەڵکی ئەوەیە کە هیدایەت دراوە بۆ هەردوویان: تەمەن درێژی وئەنجامدانی کردەوەی چاک. تەمەن درێژی خێر نییە بۆ مرۆڤ ئەگەر کردەوەی چاک ئەنجام نەدات وخودا نەپەرستێت؛ چونکە هەندێک جار تەمەنی مرۆڤ درێژ دەبێت بەڵام ئەمە شەڕ وزیانی لەسەر زیاتر دەکات، هەروەکو لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: (ووترا: چ کەسێک خێرترینە -باشترینە-؟ ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: « من طال عمره، وحسن عمله » واتە: «کەسێک تەمەنی درێژ بێت وکردەوەکانی چاک بێت»، ووترا: چ کەسێک شەڕترینە -خراپترینە-؟ ئەویش فەرمووی: «من طال عمره وساء عمله» واتە: «ئەوەی تەمەنی درێژ بێت وکردەوەکانی خراپ بێت») [رواه أبو داود والترمذي]، وخوای گەورە دەفەرموێت: {وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ خَيْرٌ لِّأَنفُسِهِمْ ۚ إِنَّمَا نُمْلِي لَهُمْ لِيَزْدَادُوا إِثْمًا ۚ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِين} [ال عمران: 178] واتە: {هەرگیز وا گومان نەبەن ئەوانەی کە بێباوەڕن ئەو مۆڵەت پێدانەی ئێمە بۆ ئەوان چاکە بۆیان بەڕاستی ئێمە مۆڵەتی ئەوان دەدەین بۆ ئەوەی گوناهی زیاتر بکەن وە بۆ ئەوان هەیە سزایەکی ڕیسواکەر}، ئەو کافرانە خوای گەورە مۆڵەتیان پێدەدات ورزق وتەندروست باشی وتەمەن درێژی وخێزان وماڵ ومنداڵیان پێدەبەخشێت، ئەمە خێری تێدا نییە بۆیان بەڵکو شەڕ وزیانە بۆیان، پەنا بە خودا، چونکە ئەوان سەرەڕای ئەم نیعمەتانەی خوای گەورە تاوان زیاتر ئەنجامدەدەن، تەیبی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (کاتەکان وەکو سەرمایەی بازرگان وان -بۆ مرۆڤ-، بۆیە پێویستە مرۆڤ لەو شتەدا بازرگانی بکات کە دەیباتەوە، هەرچەندە سەرمایەکە زیاتر بێت ئەوا بردنەوە وقازانجەکە زیاتر دەبێت، هەرکەسێک کردەوە بکات بۆ بەدەستهێنانی سوودێک -بۆ قیامەتی-؛ ئەوا براوەیە، وهەرکەسێک سەرمایەی تیا بچێت -کردەوەکانی چاک نەبێت وکردەوەی خراپ ئەنجامبدات- ؛ ئەوا نایباتەوە وبە دۆڕانێکی ڕوون وئاشکرا تیا دەچێت).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3710

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee